**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٤٢٤ لە ٢٠٢١/٦/١٠**

پاڵپشت بە ماددەی (٩/ بڕگەی سێیەم) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، بۆ زیاتر ڕێکخستنی کاروبارەکانی تایبەت بە دۆسیەکانی جێبەجێکردن و پاراستنی دۆکیۆمێنتەکانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان؛ ئەم ڕێنماییەمان دەرچواند.

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی پاراستنی و ڕێکخستنی دۆسیەکانی جێبەجێکردن**

**ماددە (١):**

بەرپرسی هۆبەی دۆسیەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن، هەڵدەستێن بە ئەنجامدانی بەدواداچوونی تەواوی ئەو دۆسیانەی لە هۆبە دەردەچێت و بۆ ئەو مەبەستە تۆمارێکی تایبەتمەند ڕێکدەخرێت و ژمارەی دۆسیەکان تۆمار دەکرێن بەمەبەستی پاراستنی، وە بەرپرسی هۆبە بەرپرسیاریەتی بزر بوون یاخود دوا کەوتنی گەڕاندنەوەی دۆسیەکان بێ هۆکاری دیاریکراو یاخود وونبوونی پەڕاو و بەڵگەنامەکانی ناو دۆسیەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددە (٢):**

لاپەڕەکانی ناو دۆسیەکانی جێبەجێکردن ژمارە بەندی (ترقیم) دەکرێن.

**ماددە (٣):**

پێویستە دۆسیەکانی جێبەجێکردن بەپێی تایبەتمەندی بابەتەکان دابەش بکرێن بەسەر جێبەجێکارانی دادی هەمان فەرمانگە، و مەرج نیە بۆ ئەم مەبەستە جێبەجێکاری داد تایبەتمەند بێت لەیەک جۆری دۆسیەکانی جێبەجێکردن، ئەم دابەش کردنە بە فەرمی جێگیر دەکرێت.

**ماددە (٤):**

نابێت بەهیچ شێوەیەک دۆسیە بدرێتە دەست هیچ کەسێک، ئەرکی فەرمانبەری تایبەتمەندە دۆسیەکە بگەیەنێتە دەست لایەنی پەیوەندیدار.

**ماددە (٥):**

پێویستە ناو و ناونیشانی خاوەن قەرز و قەرزار و ژمارەی تەلەفۆنەکانیان لەسەر دۆسیەکانی جێبەجێکردن بنووسرێت.

**ماددە (٦):**

ئەرکی لێپرسراوی هۆبەی دۆسیەکانە، بەدواداچوون بۆ گەڕانەوەی دۆسیەکان بکات و وردبینی تەواوی لاپەڕەکانی دۆسیەکە بکات پاش گەڕانەوەی.

**ماددە (٧):**

بۆ هیچ جێبەجێکارێکی داد نیە هەڵبستێت بە ڕێکارەکانی جێبەجێکردن لە دۆسیەیەکی جێبەجێکاری کە نەخراوەتە ئەستۆی ئەو و تایبەتمەند نیە بە بینینی و بڕیاردان لە ناوەڕۆکی بەتەنها، ئەگەر دۆسیەکی بۆ ڕوانە نەکرابێت بە شێوەیەکی فەرمی لەبەر نەبوونی جێبەجێکاری تایبەتمەند.

**ماددە (٩):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت، لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیری داد**